حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە – لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی وێژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت :ئابووری / کات : ٣:٠٠ کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ خولی دووەم

پەنجەمۆر
A

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١. هاوسەنگکردنی تەرازووی پارەدان بە ڕێگەی میکانیزمی نرخەکان، سەردەمی ڕێسای دراوە زێڕینەکان دەگرێتەوە، لە گرنگترین خاسیەتەکانیشی سەربەستی هێنان و ناردنی زێڕە، یەکێك لە مەرجەکانی هاوسەنگبوونەکەش بریتییە لە :
A- کەمکردنەوەی قەبارەی هێنراو و نێردراوە نەبینراوەکان
B- جێگیر نەبوونی نرخی دراو گۆڕینەوە
C- سەربەستی لە گۆڕانی نرخی شمەك و کارگوزارییەکان
D- فرۆشتنی پشك و قەباڵەکانی دەوڵەت بە بیانییەکان

٢. بەوە ناسراوە کە زۆر نەرمە، چونکە بە پێی سروشتی سیستەمی ئابووری و ئەو قۆناغی پێشکەوتنەی کە سیستەمەکە پێی گەیشتووە دەگۆڕێت:
A- ڕامیاری دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ
B- ڕامیاری ئابووری
C- پەرەپێدانی ئابووری
D- داهاتی نەتەوەیی

٣. وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا هۆکارێکە بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ئابووری، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون لە :
A- دەوڵەتە دواکەوتووەکان
B- دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان
C- دەوڵەتە پێشکەوتووەکان
D- ( A و B ) ڕاستن

٤. بەهای بەرهەمی هەمووەکی = شمەك و کارگوزاری بەرهەمهێنراو x ............. :
A- داهات ( بڕەکەی × داهاتەکەی )
B- پاشەکەوت ( بڕەکەی × پاشەکەوتەکەی )
C- سوود ( بڕەکەی × سودەکەی )
D- نرخ ( بڕەکەی × نرخەکەی )

٥. بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە لە سەر بەدەستهێنانی قازانج بە مانا تەسکەکەی ناگەیەنێ وەك لە پرۆژە تایبەتیەکاندا هەیە :
A- پرۆژە گشتییەکان
B- پرۆژەکانی بەرهەمهێنان
C- پرۆژەکانی خزمەتگوزاری
D- پرۆژە تێکەڵەکان

٦. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی ئاسانکاری دارایی لە دەرامەتەکانی سندوقەکە بۆ چارەسەرکردنی لە ناکاوی لاسەنگی تەرازووی پارەدانی دەوڵەتە ئەندامەکان بەمەرجێك:
A- ئەگەر یەدەگی دەوڵەت لە زێڕی نەختینەیی کەم بوو
B- کاتێك سەرمایەی ناوخۆ نەیتوانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان دامەزرێنێ
C- ئەگەر دەوڵەت ئەندام نەبوو لە هیچ ڕێکخراوێکی دیکەدا
D- کاتێك هۆکارەکانی دروستبوونی لە دەرەوەی ویستی دەوڵەت بوو

٧. زانیاری گرنگ و پێویست دەداتە بڕیار بەدەستانی ڕامیاری دارایی کە پەیوەستە بە داهاتی نەتەوەیی خەملێنراو و چۆنیەتی دابەشکردنی:
A- زانستی ئامار
B- زانستی ئابووری
C- زانستی ڕامیاری
D- زانستی یاسا

٨. زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی داکشانەوە و ئەو بێ بازاڕییەی ئابووری جیهانی گرتەوە لە ساڵانی ( ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ ) پەنایان بردە بەر :
A- کەمکردنەوەی خەرجییەکانی میری
B- کەمکردنەوەی باجەکان
C- کەمکردنەوەی نرخی سوو
D- زیاد کردنی باجەکان

٩. پێناسە دەکرێت بەوەی کە سەرجەمی خواست و خستنەڕووی دراوە بیانییەکانە :
A- تەعویم
B- بازاڕی گۆڕینەوەی دراوی بیانی
C- تەعویمی ناپاك
D- نرخی دراو گۆڕینەوە

١٠. ڕێگە نادات بە هیچ جۆرە خەرجییەك، تەنها دوای بەدەستهێنانی بڕیارێك لە لایەنی پەیوەندیدار لە دەوڵەت کە چاودێری خەرجییەکان دەکات:
A- چاودێری سەردەمیانە
B- چاودێری کارگێڕی
C- چاودێری یاسادانان
D- چاودێری پێشوەختە

١١. بە قەرزی مام ناوەندی و قەرزی ماوەدرێژ دەگوترێت:
A- قەرزی چەسپاو
B- قەرزی کاتەکی
C- قەرزی نیشتمانی
D- قەرزی بەردەوام

١٢. کەمی داتا ئامارگیرییەکانی تایبەت بە داهاتی نەتەوە، یەکێکە لە :
A- ڕێگەکانی حسابکردنی داهاتی نەتەوەیی
B- پێکهێنەرەکانی داهاتی نەتەوەیی
C- ئاستەنگەکانی حسابکردنی بەرهەمی ناوخۆ
D- هۆکارەکانی بارگۆڕانی ئابووری

١٣. لە ڕێگەی دەرکردنی قەباڵە لە بازاڕەکانی دارایی وڵاتە ئەندامەکان، قەرزو کۆمەك دەداتە وڵاتە ئەندامەکانی:
A- یەکێتی ئەوروپا
B- بانکی نیودەوڵەتی
C- ڕێکخراوی گات
D- سندوقی دراوی نێودەوڵەتی

١٤. پێویستی بە ئامرازی دیارکراو هەیە تا ئامانجەکانیان بە کەمترین ئەرك و تێچوون بەدی بێنێ:
A- ڕامیاری نرخ
B- ڕامیاری نەختینەیی
C- ڕامیاری بازرگانی دەرەکی
D- ڕامیاری کشتوکاڵ

١٥. بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەسهاتێکی پوخت دادەنرێن و سەرچاوەیەکی گرنگن لە کرداری پێکهێنانی سەرمایەدا کە هاوبەشە لە کرداری پەرەسەندن:
A- باج و موڵکانە
B- کرێ و بەرهەم و سوو
C- موڵکانە و سوو
D- باج و بودجە و قەرز

١٦. یەکێك بوو لەو وڵاتانەی بەشداربوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی وڵاتانی ناردەنی نەوت ( ئۆپێك ) لە ساڵی ١٩٦٠:
A- نایجیریا
B- کوێت
C- جەزائیر
D- لیبیا

١٧. کەمی سەربەستی هەڵبژاردنی ئەو چالاکییانەی کە دەبنە هۆی پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤی بەکاربەر، لە نیشانەکانی دواکەوتوویی ئابوورییە بەگوێرەی ڕای ئابووری ناس:
A- ئادەم سمث
B- نرکسە
C- پرییش
D- تۆدارۆ

١٨. بودجەی گشتی لە سەر دوو پێگە وەستاوە، بریتین لە :
A- هاوسەنگی بودجە + یەکبوون
B- گشتگیری + تەرخان نەکردن
C- خەملاندن + ڕێپێدانی دەسەڵاتی یاسا دانان
D- جێ بەجێکردن + هاوسەگی بودجە

١٩. ئەو جۆرە هەڵاوسانەیە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە بارەکە لە دەست دەربچێت و ڕوو لە زیابوون بکات وئاڵۆزتر ببێت، و بگۆڕێت بۆ هەڵاوسانی سەرکێش:
A- هەڵاوسانی تێچوون
B- هەڵاوسانی بەخێرایی زیادبوو
C- هەڵاوسانی کپکراو
D- هەڵاوسانی خواست

٢٠. دابینکردنی گونجاوترین ئاستی خۆشگوزەرانی بۆ خاوەن داهاتە نزمەکان، یەکێکە لە ئەرکەکانی دارایی گشتی لە ڕێگەی:
A- دابەشکردن
B- سەقامگیرکردن
C- پەرەسەندن
D- تەرخانکردن

٢١. دۆزینەوەی دەرامەتی نوێ و گرنگ لە دەوڵەتێکدا مەرکەزی ئەو دەوڵەتە دەگۆڕێ لە دەوڵەتێکی قەرزدارەوە بۆ دەوڵەتێکی قەرزدەر بەهۆی:
A- وەبەرهێنانەکانی لە دەرەوە
B- وەبەرهێنانەکانی لە ناوخۆ
C- کەمبوونەوەی بوونەکانی ( اصول ) لەدەرەوە کە سوودو قازانجی پێدەگەیەنێت
D- ( A و C ) ڕاستن

٢٢. بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەتەوە و نزمبوونەوەی بەستراوە بە ڕادەی گەشەکردن و پێشکەوتنی:
A- کەرتی بەکاربردن
B- کەرتی کەسەکان
C- کەرتی کارگوزاری
D- کەرتەکانی بەرهەمهێنان

٢٣. ئەو نرخەیە کە کڕیارو فرۆشیار لە هەمان کاتدا ئامادەن ئەو دراوەی پێ بکڕن یا بفرۆشن:
A- نرخی سوو
B- نرخی دراو گۆڕینەوەی جێگیر
C- نرخی هاوسەنگی
D- نرخی نا هاوسەنگی

٢٤. قیستەکانی بەکاربردنی قەرزی گشتی و سووی ساڵانە دەگرێتەوە:
A- خەرجییە کارگێڕییەکان
B- خەرجییە داراییەکان
C- خەرجییە ئابوورییەکان
D- خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان

٢٥. ئەو دەسەڵاتدارانەی سەرپەرشتی پلانی ئابووری دەکەن پێویستە لەسەریان دەستورێك دابڕێژن بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە ئەم پلانە بە پێی ئەو ڕێسایانەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە دەڕوات بەڕێوە. کام مەرجە لە مەرجەکانی پلاندانای ئابووری:
A- پابەندبوون
B- هەماهەنگی
C- بەدواداچوون
D- دارشتنی ئامانج

٢٦. ئەو داهاتەیە کە ئامادەی هەڵسوڕانە و کەسەکان لە بوارە جۆر بەجۆرەکان خەرجی دەکەن:
A- داهاتی ڕەخساو
B- داهاتی تاکەکەس
C- داهاتی نەتەوەیی
D- داهاتی دانەشکاو

٢٧. بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و چەسپاندنی پلانی ئابووری ئەنجومەنی پلاندانان ستراتیژیەکەی خۆی دەخاتە بەردەم:
A- وەزارەتە پسپۆڕەکان
B- دەسەڵاتی یاسا دانان
C- دەسەڵاتدارانی باڵا
D- لیژنەی دارایی

٢٨. دبێتە هۆی زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان و کەمبوونەوەی ئەو پارانەی کە دانراوە بۆ بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی وئاسایشی خۆراك:
A- پاشکۆیەتی ئابووری
B- گەشەکردنی دانیشتوان
C- بڵاوبوونەوەی بێکاری
D- کەمی سەرمایە

٢٩. ئەم دوو دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٩٦ بوون بە ئەندام لە بازاڕی قوچەکی باشوور:

A- ئەرجەنتین و بەرازیل　B- کۆلۆمبیاو پیرۆ　C- مەکسیك و پاراگوای　D- بۆلیڤیاو شیلی

٣٠. ژمارەی پێوانەیی نرخەکان بەکاردێت بۆ خۆ دوورخستنەوە لە کاریگەری:

A- گۆڕان لە ئاستی تێکرای کارپێدان　B- پارەی تازە دەرکراو

C- گۆڕانی نرخەکان لە سەر داهاتی نەتەوەیی　D- گۆڕانی پوختەی بەرهەمی نەتەوەیی

٣١. دابینکردنی پێداویستییەکان بخرێتە سروشتی رۆڵی دەوڵەت و کەڵکی کۆمەڵیان هەبێ.دوو بنەمای پێکەوە گرێدراون بۆ ئەوەی پێداویستی سیفەتی گشتگیری پێ بدرێ، بە پێی پێوەری:

A- گەورەترین کەڵك و سوود بە کەمترین تێچوون　B- ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەکە

C- سروشتی پێداویستیەکەو ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەکە　D- سەرچاوەی هەستکردن بە پێداویستییەکان

٣٢. ئەو دەوڵەتانەی کە زەوی کشتوکاڵیان هەیە پسپۆڕ دەبن لە بەرهەمهێنانی چەند بەروبوومێکی کشتوکاڵی،وەك پسپۆڕبوونی کەنەدا لە بەرهەمهێنانی:

A- لۆکە　B- گەنم　C- برنج　D- زەیتون

٣٣. یەکێك لە ئەرکەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی بەڕێوەبردنی دەزگای پێداچوونەوەی رامیارییەکانی بازرگانی وڵاتانی ئەندامە،بە گوێرەی ئەو ماوەیەی کە بۆیان دیاریکراوە:

A- (دوو) ساڵ بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو (چوار) ساڵ بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو

B- (دوو ) ساڵ بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو (چوار) ساڵ بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو

C- (سێ) ساڵ بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو (چوار) ساڵ بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو

D- (سێ) ساڵ بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو (چوار) ساڵ بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو

٣٤. نەبوونی تێچوونی گواستنەوە لە نێوانیان و ئاڵ وگۆڕکردن بە سەوداگەری (شمەك بە شمەك)،یەکێکە لە گریمانەکانی بیردۆزی:

A- تێچوونە رەهاکان　B- قوتا بخانەی نوێ　C- تێچوونە رێژەییەکان　D-قوتا بخانەی پەیکەر بەندی

٣٥. رۆڵێکی سەرەکییە کە کەرتی کار لە چالاکی بەرهەمهێنان دەیبینێ:

A- خستنە گەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان　B- بەشداری دەکەن لە چالاکی بەرهەمهێنان وەك خاوەنی بنەماکانی بەرهەمهێنان

C- بەرهەمهێنانی شمەك و کارگوزارییەکان و فرۆشتنیان　D- (A و C) راستن

٣٦. تەرازووی بازرگانی لە دۆخی (کورتهێنان) دا دەبێتە ئەگەر:

A-شمەکی هێنراو زیاتر بێ لە شمەکی نێردراو　B-شمەکی نێردراو زیاتر بێت لە شمەکی هێنراو

C- رێژەی سەرمایە کەم بکات　D- رێژەی سەرمایە زیاد بکات

٣٧. رامیاری دارایی هەوڵ دەدات چەند ئامانجێك بەدەست بهێنێت،وەك کارکردن بۆ:

A- پێشخستنی بەرهەمهێنان لە رووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە　B- بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداری لە دەرامەتە ئابوورییەکاندا

C- دووبارە دابەشکردنەوەی داهات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە　D-پاراستنی ئابووری نیشتمانی لە بەربەرەکانی دەرەوە

٣٨. ئەو رامیارییەیە کە پارەتی گواستنەوەی بنەماکانی بەرهەمهێنان دەدات لە نێوان دەوڵەتاندا بە تایبەتی گواستنەوەی دەستی کارو سەرمایە:

A- پاراستنی بازرگانی　B- سەربەستی بازرگانی　C- سیستەمی مۆڵەتی هێنراوەکان　D- سیستەمی بەشکاری

٣٩. هاوبەشی ناکات لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری لە زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکان دا:


A- هاوردنی لە پیشەسازییە سەرەکیەکاندا　B- هاوردنی لە خزمەتگوزارییە بانکیەکاندا

C- هاوردنی نەختینەیی لە بازرگانی دەرەکیدا　D- هاوردنی لە ئامێرو مەکینەی کشتوکاڵی

٤٠. کاریگەری رامیای نەختینەیی لە هاندانی پەرەسەندنی ئابووری لەوەوە دەردەکەوێت کە کاریکاتە سەر:

A- سەرمایەگوزاری　B- رامیاری کشتوکاڵ　C- رامیاری بازرگانی　D- وەبەرهێنان

٤١. ئەم وێنەیە هێڵکاری قۆناغەکانی بارگۆڕانی ئابووری نیشان دەدات،خاڵی (د) پێی دەوترێت:




A- قۆناغی بوژانەوە　B- قۆناغی بەرەوسەندن

C- قۆناغی بێ بازاڕی　D- قۆناغی وەستاوی

٤٢. دەتوانرێ وەك پێوانیەك بۆ رادەی متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەت بەکاربهێنرێت، ئەویش لە رێگەی وەرگرتنی یاخود وەرنەگرتنی:

A- قەرزی گشتی　B- باجی گومرگ　C- رەسم　D- باج بە پێی جۆر

٤٣. گواستنەوەی جۆراوجۆرێتی ئابووری لەو بارەی کە ئێستا تیایدایە بۆ بارێکی ئابووری زیاتر فرەهاتی (خۆشگوزەرانی ) بریتییە لە ئامانجی سەرەکی:

A- تەرازووی پارەدان　B-پلاندانانی ئابووری　C- بازرگانی دەرەکی　D-پەرەسەندنی ئابووری

٤٤. هزری کلاسیکی (ئابووری کۆن ) لەسەر بنەرەتی سیستەمی لیبرالی وەستاوە،کە تیایدا........................ خۆی دەسە پێنێت:

A- بازاڕی گۆڕینەوەی دراو　B- بازاڕی فۆرخکاری

C- موڵکایەتی تایبەتی تاکەکان　D- موڵکایەتی گشتی

٤٥. تێچوونی گواستنەوەی لۆکە چنراوەکان بۆ کارگەی بۆیاخکردن لە کەرتی پیشەسازیدا حیساب دەکرێت لە:

A- بەهای زێدەدانراو　B- بەهای بەرهەمی هەمووەکی

C- داهاتی دابەشکراو　D- بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان

٤٦. هەندێك جار بارگۆڕانی ئابووری بەهۆی فراوانبوونی وەبەرهێنانەوە دروست دەبێت،ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتێك لە هاوسەنگی نێوان:

A- سەرمایە و کرێ　B- پاشەکەوت و وەبەرهێنان　C- پاشەکەوت و خەرجی　D- وەبەرهێنان و خەرجی

٤٧. نرخی ئەم جۆرە باجە نەگۆڕە،هەرچەندە بنەمای باج زیاد و کەم بکات:

A- باجی رێژەیی　B- باجی بەناو　C- باج بە پێی جۆر　D- باجی داکشاو

٤٨. دابەزاندنی نرخی سوودەکان و زیادکردنی قەبارەی قەرزدان و ئاسنکاری لە ماوەی دانەوەی، کۆمەڵێك نمونەن سەبارەت بە:

A- لێ خۆشبوون لەباجەکان　B- ئاسانکاری و دڵنیاکردنەوە

C- کۆمەککردنی ناڕاستەوخۆ　D- پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری

٤٩. دەسهاتی ئەو موڵکانەی دەکەونە ژێر حوکمی یاسای تایبەت،بریتییە لە دەسهاتی:

A- رێگا و پرد　B- گۆڕەپان و باخچە گشتییەکان

C- زەوی و خانووبەرە　D- مۆزەخانە

٥٠. پێویستە کەڵکی سنوورەکی کۆمەڵایەتی بۆ هەر دینارێکی خەرجکراو لە هەر بوارێك لە بوارەکانی خەرجی گشتی یەکسان بێت، بە پێی رێسای:

A- ئابووریانە لە خەرجکردن　B- رێگە پێدان　C- کەڵکی تێچوون　D- خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان